# تارمایی بەعس و دەهۆڵی دیموکراتی

کاوە ئەمین

زۆر کەس و لایەن پێیان وابوو کە بە ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی بەعس و گرتنی سەددام حسێن، ئیتر عێراق دەبێت بە » شامی شەریف« و گورگ و مەڕ بەیەکەوە ئاو دەخۆنەوە. دیموکراتی ئەو وشە ئەفسووناوییەی کە تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش دەیڵێنەوە، ئەگەر لە خوارەوە بۆ سەرەوە کەڵەکە نەکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە یان هەرەس دەهێنێت یانیش دەبێت سەبری ئەیوبت هەبێت تا دەخرێتە پراکتیکەوە. باشترین نمونەش پاشماوەی کۆمارە کۆمۆنیستیەکانی سۆڤیەتی جارانە، ئەوەتا بە ڕووسیا خۆشیەوە، کە لە ساڵی 1991 وە، کە بە حساب تۆویی دیموکراتی تێدا چاندراوە، بەڵام ئەگەر چرۆیەکیشی کردبێت ئەوا سەرمای پاشماوەی کولتووری دیکتاتۆری بردوویەتی. ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ عێراقێک کە هەر لەسەرەتاوە بە سیاسەتی کوتەک و گۆپاڵ بەڕێوە چووە، زۆر زەحمەت ترە.

نازیزم لە جەنگی جیهانی دووەمدا، دۆڕاندنێکی ئابڕوبەرانە لە هەمبەر هاوپەیماناندا، دۆڕاندی، بەڵام کولتووری نازیزم تا ئێستاش لە ئەوروپا لە گرێژەنە نەبراوە، بەڵکو خەریکە سەر پێ دەکەوێتەوە، ئیتر بۆ دەبێت بەعس کە دەستەخوشکی نازیزمە هەروا بە ئاسانی لە ناو بچێت، لە کاتێکدا کە سەدان هەزار منداڵ لە قوتابخانەکانی بەعس دا، مێشکیان شۆردراوەتەوە و جگە لە مێژووی بەعس و عرووبە هیچ شتێکی تر نە چووتە مێشکیانەوە. کێ دەڵێت ئەگەر، بەعس لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکات، زۆر بە ئاسانی ناچێتەوە ناو پەرلەمانی عێراق. مەگەر ئێستا هەر ئەندامان و سەرکردەکانی پارتە کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەتی جاران، پاش ئەوەی دەموچاوی خۆیان بە بۆیەی سۆسیالدیموکراتی و ناسیۆنالیستی بۆیاخکردۆتەوە، حوکومڕانی ئەو وڵاتانە ناکەن؟ دیارە من نامەوێت بەعس و کۆمۆنیستەکان بخەمە تای یەک تەرازووەوە، تەنها مەبەستم لە میتۆدەکانی بەدەستخستنەوەی دەسەڵاتە. دەیان بەعسی لە عێراق و لە کوردستانیشدا، تا ئێستاش پۆستی گرنگیان هەیە لە دامودەستگاکانی ئەو وڵاتانەدا و کەسیش لە گوڵ کاڵتری پێ نەوتوون.

خەسرەو گۆران، جێگری پارێزگاری موسڵ لە گفتوگۆیەکی تەلەفونی لەگەڵ ڕۆژنامەی (SVD)ی سویدی (2004/12/23) دەڵێت: "ئەندامەکانی حیزبی بەعس لە سەرەتادا، هەڵاتن (دیارە ئەو زیاتر مەبەستی لە پارێزگای موسڵە) چونکە پێیان وابوو کە لەلایەن پێشمەرگە و هێزەکانی ئەمریکاوە، دەکوژرێن، ژمارەیەکی زۆر ڕایانکرد بۆ سووریا و ئیماراتی عەرەبی، بەڵام کە زانیان کەس ناکوژرێت یانیش ناگیرێت لە پایی ئەوەی کە لەگەڵ ڕژێمی سەددامدا بوون، بۆیە لە حەشارگاکانیان هاتنە دەرەوە و دەستیان بە خۆڕێکخستنەوە کرد. بە گوێرەی قسەکانی خەسرەو گۆران، حیزبی بەعس لە سەرەتای هاوینی 2004 دا لە شاری حەسەکە، گۆنگرەی خۆیان بەستووە، دوای ئەوە هێرشەکان بۆ سەر شاری موسڵ، دەستی پێکردووە".

ئەو معامەلەیەی کە ئەیاد عەلاوی و غازی یاوەر لەگەڵ کوردی دەکەن، بە تایبەتی ناوچەکانی کەرکوک و موسڵ و شوێنەکانی تر، جیاوازی چییە لەگەڵ حیزبی بەعس؟ تا ئێستاش تەعریب هەڵنەوەشێندراوەتەوە و قوربانیەکانی ئەنفال و ئەوانەی کە زەرەریان پێکەوتووە لە شەڕی داسەپاوی عێراق بەسەر کورد دا، هیچ قەرەبوویەکی ئابووریان بۆ نەکراوەتەوە، عەرەب بە ئەسڵی و هاوردەیانەوە، وەکو جاران لە کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان وەزیفەدار دەکرێن، کوردی خاوەنماڵیش وەکو سواڵکەر تا ئێستاش لە خێمەدان. ئەی ئەگەر ئەمە تارمایی بەعس نەبێت، دەبێت چی بێت؟ تازە کورد دەبێت، خۆپیشاندان بکات، بۆ ئەوەی لە کەرکوک بە زمانی کوردی بخوێنێت و بەرمیلە نەوتێکی پێ ببردرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە هێزەکانی ئەمریکا لە دەوری چاڵە نەوتەکانی کەرکوک خۆیان مەڵاس داوەو، گوایە هاوپەیمانی کوردن.

دیموکراتی شلەمەنیەکی وەکو نەوت نییە کە بە بۆری لە بەندەرێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، ئێستا گواستنەوەی نەوتیش هەروا ئاسان نییە، ئەوە نییە ڕۆژانە بۆرییە نەوتەکان لەلایەن تیرۆریستانەوە کە پێیان دەڵێن "مقاومە"، دەتەقێنرێنەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە کوردستانیشەوە، کولتووری دیموکراتی نییە، ئەگەر هەشبێت هێشتا لە گاکۆڵکێدایە، ئەوە نییە 13 ساڵە بانگاشەی باشترین دیموکراتی نمونەیی دەکەین لە باشووری کوردستندا، بەڵام ناوێرین هەڵبژاردن دوبارە بکەینەوە، ئەوەی کە لە باشووری کوردستاندا دەکرێت، هەڵبژاردن نییە، چونکە دەنگ بدەیت یان نا، تازە کورسیەکانی پەڕلەمان دابەشکراون، پەرلەمانی داهاتوو لە شەریکەیەک دەچێت کە هەموو دەوڵەمەندەکان بەش (سەهمییەی) خۆیان تێدا هەیە. مەگەر دڵی خۆمان بە وتە بەنرخەکەی غاندی بدەینەوە کە دەڵێت: "هەموو وڵاتێک، خرابترین دەسەڵاتی خۆی لە باشترین دەسەڵاتی داگیرکەر پێ باشترە". خوا بکات وابێت.

ڕەنگە دیموکراتی تەنها بە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەوەی ئێستا پێی دەڵێن عێراق بە باشووری کوردستانیشەوە، بێتە دی، دەنا هەر بەدەردی تیۆری ئەو مەلایە دەچێت کە بۆ کابرای گوندی داڕشتبوو، گوایە دنیا لەسەر پشتی گایە و گا لەسەر پشتی ماسیەو ماسی لە ئاودا بە ئارەزەوی خۆی هەڵبەزو دابەز دەکات، کابرای گوندیش نەچوو بوو بە ئەقڵیدا، بۆیە وتبووی مامۆستا ئەم کەڵەکە ترییەی تۆ باسی دەکەیت سەرناگرێت و ڕۆژێک دێت سەربەرەوژوور دەبێت.

باسکردنی دیموکراتیش لە عێراقدا هەر لەو کەڵەکە ترێیە دەچێت، کاتێک بەعسیەک سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەڵبژرادن بێت لە کەرکوک و کۆنە بەعسیەکیش سەرۆکوەزیر بێت، لە عێراق.

خەسرەو گۆران لە گفتوگۆکەی دا، باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی پۆلیسەکانی موسڵ لەگەڵ گروپە تیرۆریستیەکان و پاشماوەکانی بەعس دا، پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان هەیە، کەواتە مەسەلە کوردییەکەیە کە دەڵێت: ئەگەر دز و خاوەن ماڵ یەک بن، گوێرەکە لە کونەوە دەبەنە درەوە.

بەو حاڵەشەوە، غازی یاوەر لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ (بی بی سی)، ڕەخنە لە ئەمریکا دەگرێت کە نەدەبوو سوپای عێراق هەڵوەشێننەوە، چونکە ئەو سوپایە دەیتوانی باشتر ئارامی عێراق بپارێزێت.

هەڵبژاردن بکرێت یان نا، پەڕلەمانی عێراقی هەڵبژێردێت یان نا، نابێت تووشی دڵەڕاوکە و سەر سوڕمان ببین ئەگەر لە عێراقی داهاتوودا، مێژووی کودەتا سەربازییەکان دوبارە ببنەوە، بۆیە هەتا ئەو سوپایە دانەمەزراوەتەوە و ئەو دەوڵەتە بنیات نەنراوەتەوە، کورد دەبێت فرسەت بهێنێ یان جیاببێتەوە یانیش تا کار لە کار نەترازاوە، بە شایەتی لایەنە نێودەوڵەتیەکان بە تایبەتی نەتەوە یەگرتووەکان، دەسەڵاتدارانی عێراق ناچار بکەن دان بنێن بە هەموو مافەکانی کورد، لە دەوڵەتێکی فیدرڵی دوو کۆماری کورد و عەرەب دا. ئەگەر ئێستا کورد نەتوانێت، دوو پۆلیسی کورد کە لە هەولێر و سلێمانی خوێندنی سەربازیان تەواو کردووە، لە کەرکوک دامەزرێنن، ئەوا لە داهاتوودا ئەگەر "خاکی هەموو عالەمیش، بکەین بەسەر خۆماندا" هێشتا کەمە، نەوەکانی داهاتوو لە کێ بپرسن، ئەو هەموو سوکایەتی قبوڵکردنە بۆ و لە پای چی؟